# نامەیەکی کراوە بۆپەرلەمانی کوردستان

پارێزەری راوێژکار / حوسامەدین سەرداری



بەم دواییە لە رۆژنامەو تیڤییەکان گوێبیستی تاوتوێی «پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە ٨٧ ی سالی ١٩٧٩» لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بووین. دیارە پێشتریش چەندینجار ئەم پرۆژە یاسایە کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، تاوتوێ کراوە. جارێکیان منیش وەکو شاندێکی پارێزەرانی هەولێر لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئامادەبووم و شەرەفی بەشداریکردنم پێبەخشرا و تاوتوێی پرۆژەکەمان کرد و چەندین پێشنیارمان پێشکێش بە لیژنەکە بە ئامانجی دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە کرد.

راستییەکەی ئەم یاسایە نزیکەی ٢٩ ساڵە دەرچووە و کاری پێدەکرێت، و چەندین جارە هەموار دەکرێت، هەرچەندە لە یاسای شارستانی ئێراقی ژمارە (٤٠) ی ساڵی ١٩٥١بە تێرو تەسەلی گرێبەندی بە کرێدان رێکخراوە بە (١٢٥) مادده لە مادده (٧٢٢ تا٨٤٧ ) و یاسای بەکرێدان وەکو ریزپەرێک لەقەڵەم دەدرێت بەرامبەر بە یاسای شارستانی. هەموو یاسایەک پێویستی بە هەمواركردن دەبێت ئەگەر ماوەیەکی زۆر بێت دەرچووبێت و باری ئابووری و کۆمەلایەتی وسیاسی گۆرانکاری بەسەرداهاتبێت.

هەروەکو وتمان ئەم یاسایە (٢٩ ساڵە) دەرچووەو پێویستی بە هەمواركردن هەیە، چونکە فەلسەفە و فیکری دەسەڵات و سیستەمی حوکم لەساڵانی حەفتاکان لەگەڵ فەلسەفەو فیکر و سیستەمی حوکمی ئێستادا جیاوازییەکی زۆر هەیە. هەروەها گۆڕانکاری جەوهەری لە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەنجامدراوە، بۆیە ئاساییە ئەو یاسایانەی لەگەل بارودۆخی ئێستادا ناگونجێن پەرلەمانی کوردستان بڕیاری هەموارکردنی بدات. سەبارەت بەم یاسایە کە چەندین مادده لە خۆدەگرێت، کە پێویستی بە هەموار کردنە، لەوانە درێژە پێدان بە گرێبەندی بەکرێدان بە بێ ویست و ئارەزووی خاوەن موڵک، کە ئەم پرەنسیپە هاودژە لەگەل شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز، کە پێویست دەکات هەر گرێبەندێکی بە کرێدان چوارچێوەیکی دیاری کراوی ماوەی هەبێت، بۆ نموونە: بۆ ماوەی دوو یان سێ ساڵ دوای تەواو بوونی ماوەکە، پێویست بکات گرێبەندێکی دیکە لە نێوان کرێچی و خاوەن موڵک ئەنجام بدرێت بە کرێی نرخی رۆژەکە و دادپەروەری تێدا هەبێت. بەڵام یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی بەرکار بەبێ رەزامەندی خاوەن موڵک درێژە بەگرێبەندەکە دەدات، بەم جۆرە یاساکە پشتگیری لە لایەنێکی گرێبەندەکە دەکات و لایەنەکەی دیکە فەرامۆش کردووە. وا بزانم پرۆژە یاساکە ئەم خاڵەی چارەسەرکردووە. بەڵام من داواکارم لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان لەکاتی پەسەند کردنی پرۆژە یاساکە بەڵانسێک لە نێوان بەرژەوەندییەکانی خاوەن موڵک و کرێچی بکرێت بە جۆرێک نە شیش بسووتێت و نە کەباب .

لێرەدا بە دەرفەتی دەزانم پێشنیارێک بخەمە بەر دیدی بەرێزان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ئەویش ئەمەیە: «لە مادده/١٧ ی یاسای ناوبراو برگەیەک زیاد بکرێت، ماف بدات بە خاوەن موڵکێک بیەوێت موڵکەکەی خۆی بڕووخێنێت و بیکاتە گۆڕەپان و گەراجی وەستانی ئوتومبێل، داوای چۆڵکردنی موڵکەکەی بکات، بە مەرجێک ئەم موڵکەی بۆماوەی (١٠ سال) وەکو گەراجی ئوتومبێل بە کاربهێنێت، بە پێچەوانەوە کرێچییەکە بۆی هەبێت داوای قەرەبوو لە خاوەن موڵک بکات»
لەو بڕوایەدام ئەگەر ئەم بڕگەیە بۆ مادده /١٧ ی یاساکە زیاد بکرێت کێشەی شوێنی راوەستانی ئوتومبێل تا رادەیەکی باش چارەسەر دەکات .

٢٠٠٨/٦/١٦